www.kurdistannet.org

25-9-2007 1:25   بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ڕاونان ... بەکر حەبیب**

من ئەو ساتەی لە کەناری نیشتیمانم
پەریمەوە...
لە دووا هەنگاوی جێهێشتتن
سڵەمیمەوە...
گوێم لە زەنگی ترسناکی جیهانی ئەوێبوو
کەچی ئاواش پەڕیمەوە..
سات ناساتێک چرپەی پەرییەکانی ئاسمان
پەردەی گوێچکەکانیان دەسمیم
بەڵام ڕوویان لەو دەڤەرە نەدیمەوە..
بە فەرمایشی چارەنووس و ئەزەل لە وڵاتی حەز و
ئەشکم دوورکەوتمەوە..
لە حاڵەتێکی هیستریا و سەمەرەدا
تاکو ئیستاش حەسرەت و ئازاری دووری
هاودەمی تاڵی شەوەکانمە..
لێرە لە جیهانی وون و مەنفا
سەرم لە ناو ئامێزمە..
خەیاڵڕۆیشتوو بەس ئەتوانم
هۆنراوەی چاو بە گریان بنوسم... و جارجار
سەر و پرچی پەیڤەکانم دابهێنم..
ناودەمی تازە شیعرێکی لە دایک بووی
غوربەتستان ڕابموسم..
ئاخر خۆ ئەو کاتەی لەوێ بووم..
دڵداری کردن لەگەڵ ووشەش
قەدەغەبوو..
پێکەنینی ڕووخسارە گرژەکەشم پڕ
سانسۆر بوو..
ئای لەو خەوە ئاڵۆزەی لە شەوێکی
ئەوێدا چۆن بەرۆکی توند گرتبووم..
لەو خەوەدا
دڕندەیەکی ئەهریمەن
لەبنڕا هەردوو باڵمی گرتبوو..
بۆیە زانیم دەستی قەدەر بەرەو ئێرە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

25-9-2007 1:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەگرێ دەستم، ، ،
لەوە بە دووا من لە ووشەی خەو
دەترسم، ، ،
هەتا ئەم ساتەی تەمەنم لە (وولاتێکی بێشەو
ئەپرسم، ، ،

سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.